# خۆشەویستی لەنێوان مۆبایل و حەقیقەتدا



**زێندین مەولود**

خوێندکاری زانستە سیاسیەکانی زانکۆی سلاحەددین

خۆشەویستی ئەم چەمکە پیرۆز و پڕ مەعریفەیەیە کە دەبێتە ڕێکخستنەوەی ژیانی نێوان مرۆڤەکان و لە یەکتر نزیکبوونەوەو ڕازاندنەوەی ماهییەتەکانی ژیان و ئاوێتەبوونی حەزو ئارەزووەکانی بەردەوامبوونی مرۆڤایەتی، دەتوانین بڵێین خۆشەویستی ئەو ووشە پڕمانایەیە کە دەلالەتێکی زۆرقوڵ لەخۆیەوە دەگرێت و چەندین جۆری خۆشەویستی هەیە، ڕەنگە نەکرێ تەنیا پێناسەیەك لەخۆی بگرێت، بەڵام ئەوەی مەبەستمانە خۆشەویستی نێوان دوو ڕەگەزە کە نێرو مێ دەگرێتەوە، دیارە ماوەیەکە بابەتێکی زۆر لێرە و لەوێ دەنوسرێت و قسەوباس لەسەر بێ مانابوونی خۆشەویستی دەکرێت، زۆربەشیان لەو بازنەیە ئەخولێنەوە کەسەردەمی بێبەهابوونی خۆشەویستییە، ڕەنگە قسەکردن لەم ڕوانگەیەوە باسێکی زۆری بوێت.

بێگومان خۆشەویستی ئەو پەیوەندییە پڕ ماناو قوڵ و کاریگەر و پاکەیە کە لەڕێگەی پەیامێکی ڕوحی پاك، لەنێوان دووکەس بەجوانترین شێوە بەرجەستە ئەبێت و بەرگەی هەموو ناخۆشی و کارەسات و بەربەستەکانی کۆمەڵگای دواکەتوو ئەگرێت، ئەمەش لە پێناوی گەیشتن بەئامانجێکی پاك و دیاریکراو هەروەها زۆرن ئەوانەی وەك کاراکتەری گەیاندنی پەیامەکە بوونەتە قوربانی و ئامادەنەبوون خیانەت لەعیشق و خۆشەویستی ڕاستەقینەی خۆیان بکەن، بۆیە بوونەتە نمونەی خۆڕاگری و جوانەمەرگی کاروانی خۆشەویستی، کە مێژووی کوردەواری شایەتییان بۆ ئەدات عاشقە پاکەکان چۆن لە نێو داستان و ئەدەبیاتی کوردی ڕەنگیان داوەتەوە.

**گەر دوێنێ خۆشەویستی بەبێ بوونی مۆبایل بریتی بووبێت لەڕاستگۆیی و وەفاو پاکی پەیامێکی پیرۆزو قوربانیدان و توانەوە لەناو یەکتر، بەڕای من ئەمڕۆ بەهۆی ئەم ئامێرە بچووکە تارادەییکی زۆر عەشق و خۆشەویستی لە دەلالەتە جوانەکانی**

هەرچەندە خۆشەویستی وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەپێی کات و زەمان گۆڕانی بەسەردادێت بە هەردوو لایەنی سلبی و ئیجابییەوە، واتا ئەکەوێتە ژێر کاریگەری گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتییەکان کە پابەندن بەکۆمەڵێك فاکتەری دەرەکی و ناوخۆ، کۆمەڵگای کوردی لەدوای ڕاپەڕین زۆر گۆڕانکاری گەورەی بەخۆوە بینیوە بە تایبەت ئەو گۆڕانکاریانەی کە عەولەمە و شۆڕشی تەکنەلۆژیا و هۆیەکانی پەیوەندی وەك بینین و بیستن، ئەوەی مەبەستمانە لێرەدا باسیبکەین هۆکار و کایەکانی پەیوندیکردن و گەیاندنە کە بەئاسانترین و خێراترین شێوەیە، ئەویش مۆبایلە، دیارە مۆبایل وەك هەر ئامێرێکیتر لایەنی باش و خراپی هەیە، کە دەگەڕێتەوە سەر چۆنیەتی بەکارهێنانی، بەڵام پێوستە بووترێت کە لایەنە خراپەکانی ئامێری مۆبایل کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پەیوەندی خۆشەویستی ئەمڕۆی گەنجانی ئێمە دا هەیە و پێیەوە گرفتاربوون، بۆیە بۆتە هۆکاری درووستبوونی چەندین کێشەی دەروونی و ئەخلاقی لای توێژی گەنج لە کوردستان.

گەر دوێنێ خۆشەویستی بەبێ بوونی مۆبایل بریتی بووبێت لەڕاستگۆیی و وەفا و پاکی پەیامێکی پیرۆز و قوربانیدان و توانەوە لەناو یەکتر، بەڕای من ئەمڕۆ بەهۆی ئەم ئامێرە



بچووکە تارادەییێکی زۆر عەشق و خۆشەویستی لە دەلالەتە جوانەکانی بەتاڵکردۆتەوە، هەروەك بەختیار علی دەڵێت"**خۆشەویستی وەك شەترەنج نیە، مرۆڤ کە دەستێکی دۆڕاند خۆی کۆبکاتەوە بۆدەستێکیتر مەشق بکات، فێربێت، لەعەشقدا یەکدەست هەیە، یەك یار هەیە و تەواو، کە دۆڕاندت بزانە هەتا هەتایە دۆڕاندوتە، هیچ کەس نیە لەسەر ئەم کەسێتیە دووجار بە هەمان شێتی، هەمان سۆز، هەمان پلەی سووتان و دێوانەییەوەعاشق بێت**"بۆیە دەتوانین بڵێین ئەمڕۆ بەهۆی خێرایی پەیوەندیکردن و ئەو ئازادییەی کە زۆرجار خراپ سوودی لێوەرگیراوە، خۆشەویستی وەکو گەمەی شەترنجی لێهاتووە، گەنجی ئێمەش ڕۆژانە ئەیدۆڕێنێت، چونکە خۆشەویستی لە بری دێوانەیی و سوتان و ڕاستگۆیی ئەمڕۆ لای گەنج وەك مۆدێلی جل و بەرگ سەیردەکرێت دەبێت زوو زوو بگۆردرێت!

گەربێت و لەسەر ئەو مەسەلەیە پرسیار لەهەر کوڕ و کچێك بکەیت هەریەکەو ئەویتر بە خیانەتکار و تاوانبار ئەکات، چونکە هەریەکە و لەگۆشە نیگای خۆی لایەنی بەرامبەر سەیردەکات و تاوانبار دەکات، بێگومان هەردوولا خۆیان هاوکار و دەستپێشخەری ئەم نەخۆشیە کوشندەیەن، ناکرێ ئێمە ئەم قسانەمان بەرەها دابنێین و پێمان وابێت خۆشەویستی ڕاستەقینە ئێستا بوونی نیە، بەدڵنیایەوە ئێستاش جۆرە گەنجانێك هەن بەدڵ و بەگیان خۆشەوسیتی لەگەڵ یەکتر ئەکەن، بەڵام بەڕای من ئەو توێژە زۆر کەمە لە سەردەمی بوونی مۆبایل و خراپ بەکارهێنانی لای گەنجانی ئێمە و دەرەنجامەکەشی بۆتە هۆکاری درووستبوونی چەندین نەخۆشی و دەردی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی گەنجانمان، بۆیە پێویستە دراسەیێکی زانسیتیانە لەلایەن خەڵکی شارەزاو پسپۆڕ بۆ ئەم گرفتەی گەنجان بکرێت، کە چیتر خراپ سوود لە مۆبایل وەرنەگیرێت، یاخود لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئەلتەرناتیڤێك بەرامبەر بەم دیاردەیە دابنرێت، هیچ نەبێت گەر بکرێت رێوشوێنێك بۆ فرۆشتنی مۆبایل دابنرێت، گەر بەشێوەیێکی ڕێژەییش بێت ئەم مەترسیە لەسەر ئایندەی گەنجانمان کەم بکەینەوەو خۆشەویستی پاکیش لەکەدار نەکرێت و گەنجیش ناچار نەبێت خۆشەویستی مۆبایل یان خۆشەویستی دڵدارەکەی هەڵبژێرێت، بەڵکو هەردووکیان تەواکەری یەکترن و نیشانەی کۆمەڵگاییێکی پێشکەوتوون.

**"خۆشەویستی ئەو پەیوەندیە پڕماناو قوڵ و کاریگەر و پاکەیە کە لەرێگەی پەیامێکی روحی پاك لەنێوان دووکەس بەجوانترین شێوە بەرجەستە ئەبێت"**

**داوای لێبوردن لە ( هونەر محەمەد ) دەکەین کەلە ژمارەی پێشوی کوێستاندا دیمانەیەکی لەگەڵ هونەرمەند زانا جەبەلی سازکردبوو، ناوی لەسەر لاپەرەی گۆڤارەکەمان پەری بوو، هیوای بەردەوامی بۆ دەخوازین.**

**کوێستان**